**Instruction to Professionals:** Please check that the individual presenting is able to read and do not let them take this flyer home with them. If you do, you are potentially putting them at risk.

**HERTFORDSHIRE**
Modern Slavery Partnership

# یارمەتیی گەورەساڵان/هەرزەکارەکان (تەمەن 16-18 ساڵان) لە شانشینی یەکگرتوو کە چەوسێنراوەتەوە: پۆستەری زانیاری

## تکایە بیخوێنەوە و پەیرەوی ڕێنماییەکان بکە.

## لە شانشینی یەکگرتوو ، تێگەیشتن بۆ ئەوە هەیە کە لەم بارودۆخانە چەوسێنراویتەوە:

- هیچ کرێیەک وەرناگریت یان کرێیەکی زۆر کەم وەردەگریت بۆ کارەکەت و/یان بۆ ماوەیەکی یەکجار زۆر کار دەکەیت.
- کەسێک پارەی تۆ دەبات.
- ناچار کراویت کار بکەی یان کرداری سێکسی ئەنجام بدەیت.
- بە پێچەوانەی ویستی خۆت ڕاگیراوی یان دەست بەسەر کراوی.
- ناتوانیت شوێنی مانەوەت بەجێبهێڵیت، چاودێری دەکرێیت و/یان ناتوانیت سەربەخۆیانە بجووڵێیتەوە.
- هێنراویت بۆ بەریتانیا بۆئەوەی کار بۆ کەسێک بکەی کە ئێستا هەڕەشە دەکات، دەترسێنێت، ئازارت دەدات یان ناچارت دەکات کار بکەیت یان هەندێک شتی دیکە ئەنجام بدەی کە تۆ ناتەوێ بیانکەی.

## تکایە لەم پرسیارانەی خوارەوەدا، ئەگەر وەڵامەکەت 'بەڵێ'یە خانەکە دەستنیشان بکە:

- [ ] ئایا لە مەترسی دای؟
- [ ] ئایا ئەگەر قسە بکەی ژیانت پارێزراوە؟
- [ ] حەز بە یارمەتی دەکەیت؟
- [ ] پێویستیت بە وەرگێڕێک یان داکۆکیکارێک هەیە؟

## ئەگەر بە بەڵێ وەڵامی هەر یەک لەم پرسیارانەی خوارەوە بدەیەوە، ڕەنگە لە شانشینی یەکگرتوو چەوسێندرابییەوە. تکایە ئەو خانانە دەستنیشان بکە کە بەسەر تۆ جێبەجێ دەبێت:

- [ ] ئایا زۆریت لێ کراوە بۆ ئەوەی بە بێ کرێ یان بە کرێیەکی کەم کار بکەی؟
- [ ] ئەگەر کار دەکەیت، ئایا کەمتر لە 7 پاوەندی ئیستەرلینیت پێدەدرێت بۆ یەک کاتژمێر؟
- [ ] ئایا هەفتانە زیاتر لە 48 کاتژمێر کار دەکەیت؟
- [ ] ئایا ناچار کراویت کاری سێکسی وەک کار یان کردارێکی تاکەکەسی ئەنجام بدەیت؟
- [ ] ئایا لە بارودۆخێکی زۆر پیس یان هەژاراندا دەژیت؟
- [ ] ئایا لە لەلایەن کەسانی ترەوە کۆنترۆڵ دەکرێیت؟ (ئەمە هەندێك جار دەکرێت خزم، هاوڕێ یان هاوژین بێت.)

For more information on human trafficking/modern slavery and additional resources, please consult the Hertfordshire Modern Slavery Partnership website: www.stopexploitationherts.org.uk/professionals/professionals.aspx.

(پرسیاری زیاتر لە لاپەڕەی داهاتوودایە)

05/2019-01

- ☐ ئایا ناسنامەکانت یان هەر شتێکی تری بەهادارت لێ ستێندراوە؟
- ☐ ئەگەر ئەمڕۆ یارمەتیت بدەم، ئایا هیچ دەرەنجامێکی بۆ خۆت یان خێزانەکەت دەبێت؟
- ☐ ئایا نیگەرانت کە ڕەنگە کەسێک ئازاری تۆ یان خێزانەکەت بدات؟
- ☐ ئایا قەرزداری کەسێکیت؟ یان قەرزت لای کەسێکە؟
- ☐ ئایا کەسێک پارەی تۆ دەبات؟
- ☐ کێشەیەکی جیاوازم هەیە.

## ڕەنگە هەست بە ترس، بێهێزی یان تەنیایی بکەیت. هەرچۆنێک بێت، یارمەتی بەردەستە، تۆش ماف و بەربژارت هەیە.

**ئەگەر دەرکەوێت کە لە شانشینی یەکگرتوو چەوسێنراویتەوە، مافی وەرگرتنی یارمەتی سەربەخۆ، سۆزداری، پزیشکی و کردارییت لە حکومەتی شانشینی یەکگرتووەوە. ئەم پشتگیریە بە چەندین شێوازی جیاواز دەکرێت پێشکەش بکرێت، وەک:**

- دۆزینەوەی شوێنی مانەوەی کاتیی سەلامەت بۆ تۆ.
- یارمەتیدانت لە بواری چارەسەریی پزیشکی.
- دابینکردنی کەسێک بۆ یارمەتیدانت لە گونجان لەگەڵ ئەزموونەکەت.
- دابینکردنی وەرگێڕێک بۆ ئەوەی یارمەتیت بدات بە زمانی ئینگلیزی پەیوەندی بگری.
- پاراستن.
- ڕاوێژکاریی یاسایی سەربەخۆ.
- دەرماڵەی ژیان.

**تکایە ئاگادار بە: هەندێك جار ئەم مافانە سنووردارن.**

## وەک کارمەندێک لە بەریتانیا، شایستەی ئەم مافانەیت:

1. مووچەی لانی کەم 8.21£ بۆ یەک کاتژمێر ئەگەر لە 25 ساڵ گەورەتری، بڕی 7.70£ بۆ یەک کاتژمێر ئەگەر تەمەنت لە نێوان 21 بۆ 24 ساڵاندایە، و بڕی 6.15£ بۆ یەک کاتژمێر ئەگەر تەمەنت لە نێوان 18 بۆ 20 ساڵاندایە.
2. بە لانی زۆرەوە 48 کاتژمێر کارکردن لە هەفتەیەکدا، ئەمە کاتی زیادەش دەگرێتەوە.
3. وەرگرتنی پشوویەکی لانی کەم 20 خولەکی لە کاتی ڕۆژی کارکردن و لەو کاتانەی کە زیاتر لە 6 کاتژمێر لە ڕۆژێکدا کار دەکەیت.
4. کەمترین ژمارەی پشووی ئەو هەفتانەی ساڵێک کە مووچەت دەدرێتێ، لە یەکەم ڕۆژی کارکردنتەوە دەست پێ دەکات.
5. زانیاری تەندروستی و سەلامەتی شوێنی کار، ڕاهێنان، جل وبەرگی پارێزەر و هەر گۆڕینێکی پێویستی بەخۆرایی، هار کات کە پێویست بێ.
6. وردەکاریی نووسراوی مەرج و ڕێساکانی کارکردنت ئەگەر بۆ ماوەی زیاتر لە 1 مانگ گرێبەستت لەگەڵ کراوە.
7. پارەی نەخۆشی، کە لە گرێبەستی دامەزراندنەکەت ڕوون دەکرێتەوە.